

## ئامینە کاکە باوە- کاندیدی پارتی چەپ بۆ پەرلەمانی سوید

# ئەگەر لە دەستووری کوردستاندا ئاین لە دەوڵەت جیانەکرێتەوە ئازادییە تاکە کەسییەکانیش بەرتەسکتر دەبنەوە

**لە ڕۆژانی ٣-٢٠٠٦/٧/٧ لە دورگەی گۆتلاند لە وڵاتی سوید و وەک نەریتی ساڵانەی بەر لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان لەو وڵاتەدا پارتەکان لەو دوورگەیەدا کۆ دەبنەوە بۆ ناساندنی بەرنامەی کاریان، هاوکات ژنانی چالاک لەوێدا مەسەلەکانی ئازادی و فیمینیزمی باس دەکەن و ئەمساڵ فیستیڤاڵی «push-up» واتە تەکان پێدان کە تایبەتە بە باسکردنی مەسەلەکانی ژنانەوە لەوێ بەڕێوەچوو.**

**لەوێدا دوو ژنی چالاکی کورد بەشداری ئەم فیستیڤاڵە بوون کە یەکێکیان بەڕێز ئامینە کاکە باوە پاڵێوراوی پارتی چەپ بۆ پەرلەمانی سوید و سەرۆکی ڕێکخراوی «نە لەش فرۆش و نە کۆیلەیی» کە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییە ئامادەبوو.**

**لەم دیمانەیەدا لەگەڵ ئامینە، مەسەلەی کۆبوونەوەکەی دورگەی گۆتلاند و چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیدار بە مەسەلەی فیمینیزمی و کۆمەڵگەی سیکۆلار و هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سوید تەوەری ئەم دیمانەیەن.**

**دیمانە/ نامق هەورامی**

*** سەرەتا ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو کۆبوونەوەیەی دورگەی گۆتلاند بکەن؟**

– ساڵانە ڕێکخراوەکانی فیمینستی لە وڵاتی سوید کۆبوونەوەیەک ساز دەکەن لەو دورگەیە، هاوکات پارتەکانی سویدیش لەوێدا خۆیان بە خەڵک دەناسێنن، لەوێدا مەسەلەی تەکاندان بە کار و چالاکی ئەو ڕێکخراوانەی بایەخ بە مەسەلەی ژنان دەدەن قسە وباسی لێوە دەکرێت و ساڵانە لە هاویندا ئەم بەرنامەیە پێکدێنن، هاوزەمان پارتە سیاسییەکانیش بەرنامەی خۆ ناساندن ئەنجام دەدەن.

من وەک بەرپرسی ڕێکخراوی «نە لەش فرۆش نە کۆیلەیی»م کە ساڵی ٢٠٠٣ لە فەڕەنسا دامەزراوە و ساڵی ڕابردوو لە سویدیش ئەو ڕێکخراوەمان کردەوە، ڕێکخراوەکە NGO و سیکۆلارە لە بواری فیمینیزمی و بەلای منەوە فیمینیزم واتە وەک یەک ناسینی هەردوو ڕەگەز دوور لەوەی کەلتووری جیاکان چۆنی دەبینن.

کاری ڕێکخراوەکەی ئێمە زۆرتر لە گەڕەکە هەژار نشینەکانە کە زۆرینەی ئەو پەناهەندانەن کە لە وڵاتانی ترەوە هاتوون بەڵام زۆرینەیان تا ئێستاش لەم وڵاتە دیموکراسییانەدا بەداخەوە هەر لە هەمبەر مافی ژنانەوە دواکەوتووانەتر بیر دەکەنەوە هەر ئەم بیرکردنەوە دواکەتوانەیە بوو کە ساڵی ٢٠٠٣ وای لە کچێکی ١٧ ساڵ کرد لە فەرەنسا ئاگری تیپەردرێت تەنیا بە تاوانی ئەوەی کە دەیویست ئازاد بێت.

ئەوەبوو کاردانەوەی ئەم کردەوەیە ویژدانی کۆمەڵێک ژنی چالاکی ڕادیکاڵی هەژاند و ئەم ڕێکخراوەیان دروست کرد کەسەر مەشقی ئەم ژنە ڕادیکاڵانە خاتونێکی جەزائیری بەناوی فادیە ئەلعەمار بە دروستکردنی ئەم ڕێکخراوە هەستان.

دواتر لە زۆربەی وڵاتانی ، وەک تونس و میسر و مەغریب و کەنەدا و سوید ئەم ڕێکخراوە دامەزرا و کار بۆ ئینفرماسیۆن و ئازادی دەکات بەتایبەت لە ناوچە هەژار نشینەکاندا.

خەباتێکی تری ئەم ڕێکخراوە کارکردنە بۆ نەمانی نەژاد پەرستی و کۆیلەیی ژنان و ڕزگارکردنی مرۆڤ لەوەی مەزهەب و ئایدیا ببێتە ئایدۆلۆژیای بیرکردنەوەیان.

*** ساڵانە لە پاش ئەو کۆبوونەوانەوە هیچ بڕیار و مانیفیستۆیەک گەڵاڵە دەکرێت بۆ ئەوەی حکوومەتی سویدی کاری لەسەر بکات؟**

– لە ڕاستیدا ڕێکخراوەکەی من ئەمە یەکەمجارە داوەتی ئەو

کۆبوونەوەیە دەکرێت، بەڵام بڕیارماندا بە دواداچوون بۆ ئەوە بکەین کەلایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی باس بکەین و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و باشەکانی باشتر وخراپەکانیشی باش بکەین بۆ ساڵی داهاتوو.

لەوێ ئێمە ناوی چەند کەسی چالاکی ئەو بوارەمان بە ئامادەبووان ناساند کە لە نێوانیاندا چالاکوانی کورد و میسری و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لەوانەش نەوال سەعداوی کە کەسێکی چالاکی وڵاتی میسرە کە خەباتی بۆ یەکسانی ژنان کردووە، نەجیبە مەحمود لە کوردستان کە ژنێکی ڕادیکاڵە و کاری زۆری کردووە، نامق هەورامی وەک نووسەرێک لەو بوارەدا کاری کردووە، شارزادی نەجاب لە دانیشگای تۆرنتۆ، ئەمیری حەسەن پوور، تەسلیمە نەسرین کە کتێبێکی لەسەر قەتڵی ناموس بەناوی « شورەیی» نوسیووە، ئەمە و چەندین ناوی تریشمان بە ئامادەبوان ناساند، ئەمانە دەتوانن ساڵی داهاتوئامادەبن و لەسەر چەند بابەتی لەو جۆرە قسە بکەن لەوانەش مەزهەب و قەتڵی ناموس و شتی تریش، وتار و قسە و باسیان هەبێت.

لە ١٧ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا هەڵبژاردن هەیە لە وڵاتی سوید و حزبی دەستپێشخەرانی فیمینیست دەیانەوێت وەک حزبی ژنان لە پەرلەماندا هاوبەشی بکات و دیارە ئەوانیش لەم بارەیەوە پرۆژەی باشیان دەبێت.

ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ژنانی زۆر چالاکی بواری فیمینیستی ئەمساڵ بەشدارییان کرد لەوانەش «ماریا پیاپوتیلیوس» کە نووسەر و ڕۆژنامەنوس و فیمینستێکی زۆر چالاکە لە وڵاتی سوید.

*** لە زۆر بۆنەدا باس لە کۆمەڵگەی سیکۆلار دەکەن، ئایا واقعی ئەمڕۆی کوردستان دەبێتە کۆمەڵگەی سیکولار؟ ئایا بە کام ئاڕاستەدا خەبات بۆ سیکۆلاریزم بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟**

–مەرجی یەکەمی سیکۆلاریزم جیاکردنەوەی دینە لە دەوڵەت و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەیە.

لە کوردستانیشدا بەردەوام کوردستان وەک پارچەیەکی سەربەخۆ باسی لێوە ناکرێت، سیاسییەکان هەمیشە باسی یەک پارچەیی عێراق دەکەن و ئەمەش لە دەستووری هەمیشەیی ئەو وڵاتەدا هەیە و لە عێراقدا زۆربەی هەرە زۆری دەستوور لە ئایینەوە سەرچاوەی گرتووە و دەبێت دەستووری کوردستانیش هاوتەریبی دەستووری عێراق بێت یان هەر نەبێت نابێ پێچەوانەی ئەو دەستورەی عێراق بێت کەواتە کوردستانیش ناتوانێت پایەکانی دیموکراتی سیکۆلاریزم پەیرەو بکات.

**بەو دەستوورە دینییەوە کە ئەمڕۆ هەیە هەرگیز عێراق نابێتە وڵاتێکی دیموکراسی**

دەستوورێک لە سێبەری ئایینیدا بنوسرێت ئەو وڵاتە دیموکراسی نابێت، باسی مافی مرۆڤ و مافی تاکەکەس دەکرێ بەڵام ئایا ژن مرۆڤ نییە و نیوەی کۆمەڵ نییە؟ ئەی بۆچی وەک خۆی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت لە ڕووی شایەدی و میرات و کار و ماف و ئەرکەوە؟ لە کۆمەڵگەی عێراقدا کە مەزهەبییە ژنان ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان جلوبەرگ بپۆشن واتە تاکەکەسەکان ئازاد نین ئیتر چۆن قسە لەسەر دیموکراسی دەکرێت.

**بەهۆی باسکردنی شەڕی شیعە و سوننەوە مەسەلەی کورد کەمتر لە دەرەوە باس دەکرێت**

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە پێچەوانەی عێراق تارادەیەک چونکە زیاتر لە ١٥ ساڵە حوکمڕانی خۆی دەکات و دیموکراسی ترە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵام بۆ نموونە لە ڕەمەزاندا دەوڵەت و دەسەڵات بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە زۆر شت دەبێت هەڵبگیرێت بەبێ ئەوەی حساب بۆ بیروباوەڕی ئەوانە بکرێت کە وابەستەنین بە ئایینەوە..

بنەمایەکی تری دیموکراسییەت و سیکۆلاریزم ئەوەیە لە پرۆسەی خوێندندا ئایینەکان بخوێنرێن بەڵام یەکێکیان نەکرێتە سەرمەشقی ژیان لە سویدا هەر چوار ئایینە گەورەکەی دنیا دەخوێنرێن بەڵام نابنە ئایدۆلۆژی کەچی لای ئێمە پێچەوانەیە..

لە چەند ساڵی ڕابردوودا کوردستان دیموکراسیتر بوو بەڵام ئێستا بە وابەستە بونییەوە بە عێراقەوە خەریکە دۆخەکە پاشەکشە دەکات.

*** کەواتە ئاسۆکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و سیکۆلار لێرە بەدی ناکرێن؟**

– بەداخەوە سیاسەتمەداران ئەوەندە بایەخیان بە مانەوەی دەسەڵات دەدەن لە دەست خۆیاندا ئەوەندە بایەخیان بە دیموکراسی نەداوە.

لە دنیادا خەڵک بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدا بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا دەسەڵات بڕیار دەدات بەڵام لەلای ئێمە تا ئێستا هێزی خەڵک نەبووەتە ئەو دەسەڵات و هێزە کە گوشاری بۆ سەر دەسەڵات هەبێت، لە میدیادا قسە لەسەر خواستەکانی بکات ئەمە بۆ پیاوان زەحمەتە ئاخۆ ئەگەر ژن قسەگەلێکی لەوجۆرە بکات چی ڕوودەدات؟

*** نەبوونی ئابووری ئازاد هۆکارێک نییە بۆ ئەوە، چونکە لە وڵاتی ئێمەدا ئابووری زیاتر لە سەنتەرەوەیە نەک لە بنکەی جەماوەرەوە ئەمەش وایکردووە مەوداکانی گوشاری خەڵک کەمتر**

**بینەوە؟**

– ئێمە لێرە وەک پارتی چەپی سویدی تەواوی تێکۆشانمان بۆ ئەوەیە کە ئابووری مەرکەزی بێت چونکە لەکاتی بوونی ئابووری مەرکەزدا چاودێری و باج و خەراج کەمتر دەبنەوە و بازاڕ بەناوی بازاڕی ئازادەوە ئیستیغلال ناکرێت بۆ کۆمەڵە کەسێک.

لە کۆمەڵگەیەکدا یەکسانی و دیموکراسی بە تەواوی نەچەسپێت بازاڕ ئازادبێت یان دەوڵەتی بێت هیچ لە ژیانی خەڵکی هەژار ناگۆڕێت، ئەگەر گەندەڵی ئیداری سیاسی لە هەر وڵاتێکدا هەبوو ئەوکاتە بازاڕ ئەگەر ناویشی ئازادبێت بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر مەرکەزییە بە جۆریکی تر و لەوێشدا چین دروست دەبێت کە یان زۆر دەوڵەمەندە یان زۆر لاوازن و ئەمەش ئابووری کۆمەڵگە دادەبەزێنێت بۆ ئاستێکی لاواز.

ئەگەر کۆمەڵگە و تاکەکانی ئاسایش و ئارامییان بۆ دەستەبەر نەکرێت بەناوی ئابووری ئازاد و بازاڕ ئازادەوە هەرچی بکرێت بێگومان فەسادی ئیداری و سیاسی بە دوادا دێت.

بە کورتی دەڵێم بازاڕی ئازاد لە دژی چینی هەژاراندایە و کەم دەرامەتی و هەژاری و نا بەرامبەری بەرهەم دەهێنێ.

*** لە ١٧ی سیپتەمبەردا هەڵبژاردنی پەرلەمانی سویدە و ئێوە کاندیدی پارتی چەپن بۆ پەرلەمان، لە نێو ڕەوەندی کوردیدا لە سوید هەندێک ستایش و هەندێک ڕەخنە لە پارتی چەپ دەگرن، ئایا ئەجێندای ئەو حزبە بۆ دۆزی کورد باشە کە ستایش دەکرێ یان لە ئاکامی ئەو ڕەخنانە وا دیارە ئەجێندایەکی دیاری نییە بۆ کورد لەم بارەیەوە تێڕوانینی بەڕێزتان چۆنە؟**

– دیارە خەڵکی کوردیش وەک گەلانی تر نەزەری جیایان بەرامبەر بە مەسەلەکان هەیە، چەپ هەیە، میانڕەو هەیە و هەرکەس و لە گۆشە نیگای خۆیەوە مەسەلەکان هەڵدەسەنگێنێ، دیارە ئەو هەڵلایە دوژمنانی پارتی چەپ دروستیان کردووە و کوردەکانیش بە دوای ئەو هەڵلایەدا دەڕۆن ، دیارە پارتی چەپ وەک تەواوی پارتەکانی تر کەموکوڕی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ حزبێکی سویدی کوردیش بە چەپ و ڕادیکاڵەوە ئەوانی تریشەوە هێندەی پارتی چەپ گرنگیان بەو پرۆژانە نەداوە کە ئەو پارتە داویەتییە پەرلەمان و حکوومەتی سویدی سەبارەت بە دۆزی کورد و لەونێوەندەدا کتێبێکی ٣٠٠٠ لاپەڕەییان چاپکردووە لە دەیەی ئەم دواییەدا لەوێدا پرۆژەکانیان دیارە لەسەر مەسەلەی کورد، هەر پارتی چەپ بوو بە فەرمی داوای کرد ڕۆژی ٣/١٦ بکرێتە ڕۆژی جینۆساید کە لە هەڵەبجەدا ٥ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی.

لە ئەجێندای پارتی چەپدایە کورد مافی بڕیاری چارەنووسی هەبێت، هەڵبەتە حزبەکانی تر ئەم بۆچوونەیان هەیە، بەڵام وەک تاکتیکێکی هەڵبژاردن لە سەروبەندی ئەو پرۆسەیەدا باسی لێدەکەن بۆ کەسبی ڕای ئەو گەلانەی وەک کورد و فەلەستین کە جالییەیان لە سویدا هەیە و دەیانەوێت دەنگەکانیان بەدەست بهێنن.

ئەوەش بیروبۆچوونە و دەکرێت ڕێزی لێبگیرێت و ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە کە بێیت و موعاریزەکان یان موخالیفەکانت داپڵۆسێنی.

*** لەو کۆبوونەوەی گۆتلاند ئێوە بابەتێکتان هەبوو، پێمان خۆشە ناوەڕۆکی وتارەکەی بەڕێزتان و چالاکییەکانمان بۆ باس بکەن؟**

–بە نوێنەرایەتی چاک من و ڕووناک شوانی لەوێدا کاری باشمان کرد وەک ناساندنی دۆزی کورد بە گشتی و مەسەلەی ئەنفال و هەڵەبجە قسەو باسمانکرد و گوتمان ئەو گەلە تووشی ئەو ڕووداوانە بووە بەڵام تا ئێستا وڵاتی ئازادی خۆی نییە و چەوسانەوە و هەژاری هەیە، زۆرێک لە سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی ئامادەبوو ئاگای زۆریان لەو بارەیەوە نەبوو، دیارە ئەمڕۆ کاتێک باسی عێراق دەکرێت مەسەلەی شەڕی نێوان شیعە و سوننە باس دەکرێت بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بکەن کە کورد هەیە و ناوچەکەیان ئارامە.

## فیمینزم بۆ ئازادی ژن و چەوساندنەوەی پیاو نییە

دیارە ئەمڕۆ کە لە عێراقدا قسە لەسەر شەڕی شیعە و سوننە دەکرێت ئیدی گرفت و خواستی نەتەوەکانی تر پشتگوێ دەخرێ، باسی نەهامەتییەکانی ژنان ناکرێت و لە باسەکەمدا گوتم نابێ باسی چەوسانەوە بکرێت هەر شیعە و سوننە یان سەرمایەدار و پرۆلیتار بێتە گۆڕێ یان مەسەلەی سەر ڕەشەکان بەبێ ئەوەی باسی مافی مرۆڤ و مافی ژنان و منداڵان و دیموکراسی بکرێت.

ڕووناک لەو چەند ڕۆژەدا چالاکی باشی نواند و زۆر کەس چالاکی باشی نواند و نەهامەتییەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجە و دیدار و گفتوگۆی لەگەڵدا سازدان.

من لە باسەکەمدا ناساندنی ڕێکخراوەکەم تەوەری یەکەم بوو پاشان مەسەلەکانی وا بەست بە فیمینیستەوە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراتی لە دیدگای فیمینیستیەوە باس کرا، چونکە وەک ژن داکۆکی لێدەکرێت پێویستە پیاوانیش ئەو مافەی پێ ڕەوا ببینرێت. فیمینیزم دیدگای دوسەرەی ژن و پیاوە نەک وەک ئەوەی بە هەڵە باس دەکرێت، پێویستە نۆرمەکانی بنەماڵە وەلاوە بنرێن و نۆرمی ئازادی و دیموکراسی و سیکۆلاریزم فێر ببن.

هەمیشە باسکردنی گرفتەکان بۆ ئەوەیە میتۆدێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە تا چارەسەر بکرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاتێک باسی فیمینیزم دەکەین پێمان وایە بە بوونی چەند ژنێکی چالاک و چەند ڕێکخراوێکی ژنان و ئافرەتان ئیدی دەتوانین کار بۆ ئەو مەسەلەیە بکەین، بە پێچەوانەوە خودی حەرەکەتی فیمینیزمی دەبێت هاوکات پیاوانیش کاری تێدا بکەن، چونکە کاتێک ژن ئازاد دەبێت کە لەگەڵ پیاودا بتوانێت زمانی لێکحاڵیبوون و دیالۆگیان لە نێواندا هەبێت.